# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکانی دژەجیهانگیری

**سەمیع مصطفی حسن[1]، شێروان هادی محمد[2]**
[1،2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Samih.Hassan@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوەکە:

کارلێکەری ناوەرۆکی گوتاری سیاسی لەنێو دەنگدەران لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، لێکۆڵینەوەیەکی بەسود و گرنگە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن. چونکە ستراتیژیەتی گوتاری سیاسی و کارلێکەری لەسەر دەنگدەر لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە دەخاتەروو، جەخت لەسەر رەهەندی سیاسی دەکاتەوە لەبەرزکردنەوەی هۆشیاری لەلای دەنگدەران و رێنیشاندانیان بۆ مومارەسەکردنی مافی خۆیان لەهەڵبژاردنی کارای نوێنەرانیان لەدەسەڵاتدا، هەروەها رۆڵی گوتاری سیاسی لەخستنەرووی کێشە سیاسییەکان و پلانی ستراتیژی و پەیوەندی و بانگەشە، بەو پێیەی رەگەزێکی گرنگەلەسەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەژێر سێبەری یاسای هەڵبژاردندا بەئازادی و پاکی و ئەنجامی پەسەند بۆ هەموان لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیدا، کەماوەی بانگەشەکردن دەرفەت بەحزبەسیاسییەکان دەدات بەشداربیکەن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

ئەو توێژینەوەیەمەبەستی ناسینی پێکهاتەی گوتاری راگەیاندنە، ئەوەش روون دەکاتەوە کە لێکۆڵینەوەی گوتاری راگەیاندن چی دەگەیەنێت. هەروەها خەسڵەتەکانی رێبازەکانی لێکدانەوەی گوتاری راگەیاندن چی دەگەیەنێت. لەگەڵ کەرەستەی لێکدانەوەو ئاستەنگەکانی، گرنگی گوتاری راگەیاندن لەوەدایەکەوا بەرەهەمێکی راگەیاندنەلە چوارچێوەی بونیات کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دێت کە شێوەیەکە لەشێوەکانی پەیوەندیکردنی کارا لەکۆمەڵگادا، توانای ئەوەی هەیەکار لەوەرگر بکات و سەرلەنوێ هۆشیاری پێکبێنێ.

**دەستەواژە کلیلییەکان:** (بزووتنەوە – کۆمەڵایەتی - جیهانگیری).

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10472 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/٢٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Samih.Hassan@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣م.ی. سەمیع مصطفی حسن، م.ی.شێروان هادی محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The concept of modern globalization has been known around the world in the last few decades. It is mentioned that this new idea is recognized after the International Economic Conference (IEC) in 1971.It is also believed that the IEC is the mastermind of the new globalization. On the other hand, the opposition for conducting the World Trade Conference (WTC) in Seattle 1999, and then the establishment of (World Social Forum) in 2001 can be measured as a clear beginning for anti-globalization movements. Next, according to the aim of this study several outcomes can be acquired.

Firstly, understanding the nature and goals of anti-globalization movements. Their goals can be identified in the limitation of economic and cultural monopolization which are conducted by industrial countries and global companies. Secondly, the comprehension of the growing stages of both globalization and anti-globalization movements. The globalization administers their benefits through the politics that will be with me willingly or unwillingly. It uses the law and politics of the international and commercial banks to their advantages. Thirdly, acknowledgment the role and future of the any countries under the control of the globalization system. In this system, the country role will very weak and presents as an organizer for global companies, however the anti-globalization movements attempt to recover the role of the country and their nations. Finally, clarification the goals of anti-globalization movements and the processes to obtain or reach their destinations. The nature and mission of the social movements can be concluded in several activates such as meeting, using of social media, utilize of internal and external mass media to represent their opposition. The employment of these activates are the main attempt of the anti-globalization to acquire support for their country and nations.

## ملخص البحث

عرف مفهوم العولمة الحديثة في جميع أنحاء العالم في العقود القليلة الماضية. يذكر أن هذه الفكرة الجديدة تم الاعتراف بها بعد المؤتمر الاقتصادي الدولي (IEC) عام ١٩٧١ ، كما يُعتقد أن اللجنة الانتخابية المستقلة هى العقل المدبر للعولمة الجديدة. من ناحية أخرى ، فإن المعارضة لعقد مؤتمر التجارة العالمي (WTC) في سياتل ١٩٩٩ ، ثم إنشاء (المنتدى الاجتماعي العالمي) في عام ٢٠٠١ يمكن قياسها كبداية واضحة للحركات المناهضة للعولمة. بعد ذلك ، وفقًا لهدف هذه الدراسة ، يمكن الحصول على العديد من النتائج.

أولاً ، فهم طبيعة وأهداف الحركات المناهضة للعولمة. يمكن تحديد أهدافهم في الحد من الاحتكار الاقتصادي والثقافي الذي تقوم به الدول الصناعية والشركات العالمية. ثانياً ، فهم المراحل المتزايدة لكل من العولمة وحركات مناهضة العولمة. تدير العولمة فوائدها من خلال السياسة التي ستكون معي عن طيب خاطر أو غير راغب. إنه يستخدم قانون وسياسة البنوك الدولية والتجارية لمزاياها. ثالثا: الاعتراف بدور ومستقبل الدول الخاضعة لسيطرة نظام العولمة. في هذا النظام ، سيكون دور الدولة ضعيفًا جدًا وسيظهر كمنظم للشركات العالمية ، إلا أن الحركات المناهضة للعولمة تحاول استعادة دور الدولة ودولها. أخيرًا ، توضيح أهداف الحركات المناهضة للعولمة وعمليات الوصول إلى أهدافها أو الوصول إليها. يمكن استخلاص طبيعة ورسالة الحركات الاجتماعية من خلال العديد من الفعاليات مثل الاجتماع ، واستخدام وسائل التواصل الاجتماعي ، واستخدام وسائل الإعلام الداخلية والخارجية لتمثيل معارضتها. توظيف هؤلاء النشطاء هو المحاولة الرئيسية لمناهضة العولمة للحصول على الدعم لبلدهم وأممهم.

## باسی یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

## یەکەم / ڕەگەزەسەرەکیەکانی توێژینەوە

### • گرنگی توێژینەوەکە:-

لێکۆڵینەوەلەبابەتی بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دژەجیهانگیری بابەتێکە پەیوەندی بەژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، لەبەر ئەوەی جیهانگیری خۆی خزاندۆتەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیەوە نمونەی (دەوڵەت، سیاسەت، ئابوری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەکنۆلۆژیا، خوێندن، پەروەردە، خێزان، فێرکردن، هێمنی و ئاسایش، کلتور)، لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان بەگرنگییەوە تەماشای جیهانگیری و پێشکەوتنەکانی دەکەن، و لەبەرامبەردا کاریگەرییەکانی وای کردووە کەبزوتنەوەی پێچەوانەواتە دژەجیهانگیری پەرەی سەندووەو ئامانجی ئەم بزوتنەوانەش ڕێگری کردن و هەوڵدانە بۆ سنوردارکردنی دەرهاویشتەخراپەکانی کەبەشێکی زۆری ئازادییە مرۆڤایەتیەکانی زەوت کردووەبەناوی ڕەفاهیەت و کرانەوەو زۆر بوونی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، لەبەر ئەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:-

### یەکەم / گرنگی تیۆری:-

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکەبۆ تێگەیشتن لەشێواز و سروشت و ئامانجی بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دژ بەجیهانگیری و لەو ڕێگەیەوەتوانای لێ تێگەیشتن لەئاسۆ و داهاتوی ئەم جۆرە بزوتنەوانە ڕوونتر دەبێتەوە، هەروەها دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەیە لەبواری بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان و گەیشتن بەتێور و تێگەیشتنی ڕوون دەربارەی پێشبینیەکان و داهاتووی ژیان و داهاتووی جیهان.

### دووەم / گرنگی پراکتیکی:-

لێرەدا ئەم توێژینەوەیەو ئەنجامەکانی پێشبینی دەدات بەخوێنەر و توێژەران کە داهاتووی ژیان و کار و سەرمایەو کلتور لەژێر سێبەری جیهانگیریدا بەرەو کوێ دەڕوات، پاشان تێگەیشتنمان لەکێشەکانی کۆمەڵگا زیاد دەکات، هەروەها هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو کێشانەو گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی گونجاو ڕوون دەکاتەوە، دواتر لەژێر سێبەری تێگەیشتن لەبنەماکانی جیەانگیری و داڕێژەرانی بیروبۆچوون و سیاسەتەکانی جیهانگیریدا ئاسان دەکات، لەبەرامبەریشدا بزوتنەوەکانی پێچەوانەو دژەکانی ئامانجیان چیەو دەیانەوێت جیهان بەرەو کوێ ببەن.

### •ئامانجی توێژینەوەکە:-

### ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییلە:-

١/ تێگەیشتن لەسروشتی کاری بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دژ بەجیهانگیری.

٢/ شارەزابوون لەهەنگاوەکانی گەشەسەندنی جیەانگیری و بزوتنەوەی دژەجیهانگیری.

٣/ زانینی ڕۆڵ و داهاتوی دەوڵەت لەژێر سایەی سیستمی جیهانگیری دا.

٤/ ڕوون کردنەوەی ئامانجی بزوتنەوەی دژەجیهانگیری و ئەو ئامرازانەی کەدەیانەوێت ئامانجەکانیانی پێ بەێننەدی.

### • ڕێبازی توێژینەوەکە:-

ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی شیکرنەوەی ناوەڕۆك ئەنجام دراوە، بەمەبەستی دۆزینەوەو گەیشتن بەهۆکاری سەرەکی و پاڵنەری ڕوودانی بزوتنەوە دژەجیهانگیرییەکان.

## دووەم / دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:-

### ١- بزوتنەوەکۆمەڵایەتییەکان :-

چەمکی بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان جێگای تێڕامانی زۆرێك لەبیرمەندان و زانایانی بواری کۆمەڵناسی، سیاسی، ئابوری، ... هتد، بووەو هەریەکەیان بەجۆرێك پێناسەیان بۆی کردووە، ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەپسپۆری، سەردەم، شوێن، جۆری ئەو بزوتنەوانەی توێژینەوەیان لەسەر کردووە، لەبەر ئەوە لەم توێژینەوەیەدا تەنها سەرنج دەخەینە سەر ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە بە اکری ناسیاسی ناسراون و مەبەستی سەرەکیان چاك کردنی جۆرو شێوازی ژیانە، نەك گۆڕانکاری لەسیستمی سیاسی.

یەکێك لەپێناسەکان دەڵێت:- بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان "بریتییە لە کارێکی ڕێکخراو کۆمەڵێك خەڵکی کاریگەر پێی هەڵدەستن بەمەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری یان ڕێگری کردن لەلایەنێکی سەرەکی کۆمەڵگا.... بەڵام لەئێستادا چەمکی بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو گروپ و ڕێکخستنانەی کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی سیستمی سیاسی" (مارشال وآخرون، ٢٠١١، ص٣٠).

هەروەها لەپێناسەیەکی تردا هاتووەو تەرکیز لەسەر پاڵپشتی یان دژایەتی کردنی گۆڕانکاریەو دەڵێت "کۆبوونەوەیەکە چالاکیەکانی دەکەوێتەدەرەوەی کەناڵەکانی دامەزراوەی حکومەت، لەپێناوی پاڵپشتی یان ڕێگری کردنی گۆڕانکاری، لەناو چوارچێوەی دامەزراوەیان سیستمی کۆمەڵگایەکی دیاری کراو، یان لەسەر ئاستی سیستمی جیهانی بەشێوەیەکی گشتی". (عبدربە، ٢٠١٣، ص٤)

بەهەمان شێوە لە پێناسەیەکی تردا کەباس لەبەها (قیم)ی باوی کۆمەڵگا دەکات کاتێك جیاواز دەبێت لەگەڵ بەهای کۆمەڵێك ئەم جۆرە بزوتنەوانە دەست بەچالاکی دەکەن و دەڵێت:- "بریتییە لەهەوڵێکی ڕێکخراو کەکۆمەڵێك لە هاونیشتمانیان ڕێکی دەخەن بەمەبەستی گۆڕینی بارودۆخێك یان سیاسەتێك یان پەیکەرەکانی کۆمەڵگا، بەشێوازێك بگونجێت و نزیك بێتەوەلەو بەها فەلسەفیانەی کەبزوتنەوەکە بڕوای پێیەتی". (غانم، ٢٠١٤، ص١)

بەو شێوازە دەتوانین بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەچوار پێکهاتەی بنەڕەتی بناسرێنەوە کە بریتییە لە:-

"١/ کاری بە کۆمەڵە: بریتییەلەکۆمەڵێك خەڵك بەیەکەوەکاردەکەن.

٢/ یەك ئامانج و هۆکار Shared goals and means : دەوەستێتەسەر یەکانگیری ڕوانین سەبارەت بەئامانجی هاوبەش لەکاری بەکۆمەڵ، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگەکەیان.

٣/ ڕێکخستنی نافەرمیی Informal : بەشێوەیەکی ڕێژەیی کاری کۆمەڵکاریەلەگەڵ ئاستێکی نزمی ڕێکخستنی فەرمی.

٤/ ڕەمەکی Spontaneity : دەناسرێتەوەبەوەی هۆکار و شێوازی کارکردنیان تا ئاستێکی بەرز سروشتێتی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەی سروشتی نادامەزراوەیی بەسەریدا زاڵە، سەرەڕای بەکارهێنانی شێوازی کلاسیکی و سەردەمیانە لەکارەکانیاندا". (عبدربە، ٢٠١٣، ص٤)

پاشان دەچینە لای پێناسەکەی "تشالز تلی Charles Tilly"، دەڵێت بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی سێ بنەمای سەرەکی هەیە:-

"١/ هەڵمەت Campaign : بریتییە لەهەوڵدانێکی گشتی و بەردەوام و ڕێکخراو، داواکاری کۆمەڵێکە بەرامبەر بەدەسەڵاتێکی دیاریکراو.

٢/ زەخیرەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی Social Movement Repertoire : بریتییە لەبەکارهێنانی هۆکارە بەردەستەکان لەناو شێوازەکانی کاری سیاسی، بۆ نموونە (دامەزراندنی کۆمەڵەو هاوپەیمانیەتەکان لەسەر بنەمای ئامانجی هاوبەش، دیداری گشتی، ڕێپێوان و گردبوونەوە، مانگرتن، هەڵمەتی داواکردن، بەیاننامەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، بڵاوکردنەوەی ڕیکلام و ڕاپۆرتی سیاسی).

٣/ نمایشی وەستانەکە، بەکورتکراوەی(WUNC ) ناسراوە:- کەبریتییە لەنمایشی بەشداربووان بەجوڵانەوەی کۆمەڵایەتی کەئاماژە بەکۆمەڵێك واتا دەدات، لەوانە(شایستەیی Worthiness، یەکگرتوویی Unity، ژمارەزۆری Numbers، پابەندی Commitment سەبارەت بەخۆیان یان بەرامبەر بە ئەو جەماوەرەی کەنوێنەرایەتیان دەکەن)" (تلی، ت وەبە، ٢٠٠٥، ص٢٠-٢١).

لەکۆتاییدا (ئالان تۆرین) پێی وایە کەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بەکاری سیاسی و توندوتیژی نابێت بەڵکو بەدروست کردنی کاریگەری دەبێت بۆ سەر ڕای گشتی. (سمیث، بو دبوس، بدون سنة الطبع، ص١٢).

پێناسەی ئیجرائی بزوتنەوەکۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە (هەوڵێکی ڕێکخراوە بەمەبەستی ئەنجام دانی جوڵانەوەیەکی بەکۆمەڵ کە یەک ئامانج و شێواز لەهۆکار بەکاردەهێنن، بەئاڕاستەی گۆڕانکاری کردن و باشتر کردنی کوالیتی ژیان).

٢-دژەجیەانگیری :-

چەمکەکان بەدژەکانیاندا دەناسرێن، لەبەر ئەوە کاتێك دەمانەوێت بزانین دژەجیهانگیری چیە؟ پێویستە بزانین جیهانگیری چیە، کەواتە جیهانگیری بریتییە لە "قۆناغێکی نوێی سەرمایەداری لیبرالی، کەهەوڵ دەدات سیستمی شارستانێتی جیهان بگۆڕێت و سەرجەم پێکهاتە سیاسی و ئابوری و پەروەردەیی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی دابڕێژێتەوە. لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی کردنەوەی بازاڕەکان و شکاندنی کۆسپی نێوان دەوڵەتان و گواستنەوەی شمەك و خزمەتگوزارییەکان و پەخشکردنی ئازادی بازرگانی، ئازادی ڕاگەیاندن، ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان، ئاڵوگۆڕی سەرمایەو سەرچاوە ئابوریەکان، پەخشکردنی دیموکراسیەت و گۆڕینی یاساو سیستمی وڵاتان، دارشتنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، بەشێوەیەك یەك شێوازی لەجیهاندا پەیڕەو بکرێت" (العصیمی و آخرون، ٢٠١٠، ص٢١).

لەگەڵ ئەوەی ئەم چەمك و بۆچوونانەلەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا یەك دەگرێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا جێکەوتەی خراپی لێ کەوتۆتەوە لەبەر ئەوەکۆمەڵێك بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی دژ بەجیهانگیری سەری هەڵداو لای ئەوان پێناسەی جیهانگیری جیاوازەو تەنها ڕووەخراپەکەی دەبینن چونکە ئەو لایەنە ژیانی زۆرێك لەخەڵك و گەلانی بەرەو خراپتر بردووە، لەبەر ئەوەپێناسەی دەکەن بە"جوڵانەوەی تاك و ڕێکخراو و کۆمەڵەی ناحکومی نەگونجاون لەڕووی سیاسیەوە، ڕەخنەگرتن و دژ وەستانەوەی سیستمی لیبرالی و سەرمایەداری سەردەم کۆیان دەکاتەوە، هەروەها ناوی جۆراو جۆریان هەیەلەوانە:- بزوتنەوەی دادپەروەری جیەانی، بزوتنەوەی گۆڕانی جیەانگیری، بزوتنەوەی دژەجیهانگیری، بزوتنەوەی دژە نیولیبرالی، .... هتد" (ویکیبیدیا، الحرکات المناهضە للعولمة، ٢٠١٧/١٢/٢٧)، و هەندێکی تر بە"کارەساتێکی کۆمەڵایەتی، ژینگەیی، ئابوری" (رجب بو دبوس، بدون سنة الطبع، ص٧)، ناوزەد دەکەن، لەم پێناوەدا نوسەرەکانیش هاتوون دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا بەتایبەتی کاتێك "فرانسیس فوکۆیاما کتێبەکەی بەناونیشانی (کۆتایی مێژوو و کۆتای مرۆڤایەتی) ١٩٩٢ نوسی، کەئاماژەی بەقۆناغی سەرمایەداری وەك کۆتا قۆناغی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتیە، زۆری نەبرد و دوای کەمتر لەساڵ هارولد جیمس بەکتێبەکەی (کۆتایی جیەانگیری) وەڵامی دایەوە" (عبدالسلام، بدون سنة الطبع، ص٣).

پێناسەی ئیجرائی بۆ دژەجیهانگیری بریتییە لە(ئەو بزوتنەوە و جوڵانەوانە دەگرێتەوە، کە ئامانجی هاوبەشیان بریتییەلەوەستانەوە بەڕووی جیهانگیری و دەرهاویشتەکانی).

## باسی دووەم / توێژینەوەکانی پێشوو :-

١- توێژینەوەی (Anti-globalization: why?)، لەلایەن (Jagdish Bhagwati) نوسراوەلەزانکۆی کالیفۆرنیا – ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢٠٠٤ :-

توێژینەوەکە نزیکەی (٥٠٠) لاپەڕەیەو باس لەجیەانگیری و دەرهاویشتەکانی دەکات و دەڵێت:- ئامانجی توێژینەوەکەبریتی بوو لەدۆزینەوەی هۆکاری دروست بوونی بزوتنەوەکانی دژ بەجیهانگیری و هەروەها دۆزینەوەی ئەو لایەنانەی کەبوونەتە هۆکاری دروست بوونی قەیرانەجیهانیەکان، پاشان گرفتی توێژینەوەکەبریتی بوو لەدژبەیەك وەستانەوەی بزوتنەوەکانی دژ بەجیهانگیری لەگەڵ ئەو لایەنانەی گەشە بە بنەماکانی جیهانگیری دەدەن.

بەکورتی توێژینەوەکە دەڵێت پێویستەجیاوازی بکەین لەنێوان پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەلایەك و کاری دەوڵەت و کۆمپانیا گەورەکان و بەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایە بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان و چەوساندنەوەی خەڵکان و دەوڵەتانی تر لەلایەکی ترەوە، لەبەر ئەوە توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١/ تەکنۆلۆژیا ژیانی خەڵکی ئاسان کردووەو بۆ ئەمەچەند نموونەیەکی هێناوەتەوە:-


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

أ. تەلگراف لەساڵی ١٨٦٦ دۆزرایەوە، جیهانی بەیەکەوە بەستەوەو ڕێگەی چەند مانگی کورت کردەوە بۆ چەند چرکەیەك.

ب. لەساڵی ١٩٣٠ نرخی پەیوەندیەکی تەلەفۆنی نزیکەی ٢٥٠$ بوو ، بەڵام ئێستا بۆتەچەند سەنتێك.

ت. لەسەردەمی سەرۆك (کلنتۆن) وەزیری دەرەوەی مادلین ئۆلبرایت ی ڕاسپارد کەتوێژینەوەو ڕاوەرگرتنێك بکات سەبارەت بەپەیوەندیە بازرگانیە نوێیەکانی جیهان، کەوڵاتی گرتەوەو ٣٨ هەزار کەس ڕایان وەرگیرا، لەو توێژینەوەیە دەرکەوت کەبەشداربووان لەو شێوازە پەیوەندییە نوێیە ڕازین.

٢/ لەلایەکی ترەوەلەو کاتەی لە (دافۆس) (٢٠٠١) کۆربەندی ئابوری جیهانی کۆبونەوەیان هەبوو، کۆربەندی کۆمەڵایەتی جیهانی لەبەرازیل لەدژی ئەوان کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی دەرهاویشتەکانی ئەو کۆبونەوەیەزەرەرو زیانی زۆری لەو کەس و لایەن و دەوڵەتانەدا بوو کە کۆببونەوەبەم شێوازەی لای خوارەوە:-

أ. کۆمپانیا گەورەکانی جیهان (فرەڕەگەزەکان) بوونە هۆی لەناوبردنی پیشەسازی ناوخۆی وڵاتان.

ب. جیهانگیری بوەتە هۆی زۆرێك لەکێشەکان وەك (هەژاری، پیس بوونی ژینگە، بێکاری، .... هتد).

ت.ئەو لایەنانەی بەرپرسن لەدەست بەسەراگرتنی ئابوری جیهان بریتین لە(بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی نەقدی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی بازرگانی جیەانی، وەکالەتی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی، پەیماننامە بازرگانیەکان وەکو ڕێکەتننامەی ئازادی ئەمریکای باکور (نافتا)، کۆبوونەوەی وڵاتەپیشەسازییەگەورەکان، بەشێوەیەکی گشتی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکان لەدژی ئەم دامەزراوانە دەوەستنەوەو بە هۆکاری سەرەکی کێشەکانیان دادەنێن.

پ. کۆبوونەوەی ئەو دامەزراوانەی سەرەوە مەبەستیان بەدەستهێنانی قازانجی زیاترە، بەپێچەوانەی کۆربەندی کۆمەڵایەتی جیهانی کەمەبەستیان چەسپاندنی دادپەروەریە.

٢- تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (جیهانگیری و توندوتیژی) کە (حجار ماجدە) نوسیویەتی لەزانکۆی جەزائیر لەوڵاتی جەزائیر ساڵی ٢٠١٠:-

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کەئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان جیەانگیری و زیاد بوونی توندوتیژی لەجیهاندا لەسەر ئاستی (تاك، گروپ، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان، دەوڵەتان، شەڕی نێوان دەوڵەتان)، سەرەڕای ئەوەش ئایا جیهانگیری توندوتیژی ئابوری، سیاسی، کولتووری دروست کردووە؟

گرفتی توێژینەوەکە بریتیبوو لەوەی بۆچی توندوتیژی جۆراو جۆری سەربازی، ئابوری، سیاسی، کلتوری، زیادی کردووە، ئایا هۆکارەکەی جیهانگیریە، چۆن دەتوانرێت جێکەوتەکانی کەم بکرێتەوە.

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتەئەوەی کەتوندوتیژی دیوی دووەمی جیهانگیریە، بەڵام نەك بەشێوەکلاسیکیەکەی بەڵکو بەشێوازی جۆراوجۆر لەوانە:-

أ/ توندو تیژی ئابوری:- نیشانەکانیشی بریتین لە...

بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری و قەرزاری، چەسپاندنی هەژاری، گەورەکردنی جیاوازی لەنێوان وڵاتانی باکور و باشور، نەمانی چینی ناوەند، قەیرانەئابوریەکان.

ب/ توندوتیژی سیاسی:- نیشانەکانی بریتین لە.....

بڵاوبونەوەو زیادبوونی شەڕەکان، کەمبونەوەی هێمنی وئاسایش و زیادبوونی ناکۆکیەکان لەسەرانسەری جیهاندا، ڕێز نەگرتنی مافەکانی مرۆڤ، پاشەکشەی ڕۆڵی دەوڵەت و نەمانی نموونەی (دەوڵەت ، میللەت).

ج/ توندوتیژی کلتوری:- نیشانەکانی بریتین لە.....

سەپاندنی کلتوری بەکاربردن بەسەر وڵاتانی جیهاندا، لەڕێی بانگەشەکردن بۆ کلتورێکی جیهانی یەکگرتوو، کەبەهاو پێوانەکانی ئەمریکیەو لەکۆتاییدا وڵاتان ڕادەکێشێت بۆ زیاتر مل کەچ و بوون و شوێن کەوتەیی وڵاتان بۆ ئەمریکاو هەندێکی کەم لە هاوپەیمانەکانی.

لەبەرامبەردا توندوتیژی دژ بەجیهانگیری دوو شێوازی لەخۆگرتووە:-

أ/ زیادبوونی تاوانی پلان بۆ دارێژراو و بەتایبەتی تیرۆری نێودەوڵەتی و بەتایبەتی تر دوای ڕوداوی ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ، کەتوندوتیژیەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

ب/ دەرکەوتنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە دژ بەجیهانگیری لەسەرجەم وڵاتانی دنیا.

## باسی سێیەم / واقعی بابەتەکە لە جیهانی سێیەمدا:-

### ١-ڕۆڵی دەوڵەت :-

لەسەر ئاستی دەوڵەتان ئەمریکا و ئەوروپیەکان وڵاتانی جیهانی سێیەم بەوەتاوانبار دەکەن کەئاستی گوزەرانیان نزمەو ئەم حاڵەتەش پاڵ بەدانیشتوانی ئەو وڵاتانەوە دەنێت کۆچ بکەن بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام لەڕاستیدا کێ بووەتە هۆکاری نزمی ئاستی ئابوری ئەو وڵاتانە لەم سەردەمەدا کە نەتوانێت لانی کەمی گوزەران بۆ هاونیشتمانیەکانی دابین بکات، لێرەدا هۆکارە سەرەکیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاواو بەتایبەتی ئەمریکا کەلەڕێی پەخش کردنی بیری جیهانگیریەوە بووەتە هۆی دارمانی ئابوری ئەو وڵاتانەو ڕاکێشانی سامانەکەیان بۆ خۆیان بەرێگەی جۆراو جۆر. (سمیث، بو دبوس، بدون سنەالطبع، ص٦٩).

لاواز بوونی ڕۆڵی دەوڵەت تەنها وڵاتانی جیهانی سێیەم و تازە گەشە سەندووەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو تەنانەت "وڵاتەپیشەسازییە گەورەکانیش لەگەڵ ئەو هەموو هێزە ئابوری و پیشەسازیەی کە هەیانە هەست دەکەن ناتوانن بەتەنیا خۆیان ڕابگرن بەرامبەر بەو کێبەرکێ قورسەی بازاڕ لەئێستادا، چونکە کۆمپانیا جیهانییە فرەڕەگەزەکان ئەو ڕۆڵەیان لەوڵاتەپیشەسازیە گەورەکان سەندووە" (محمد، ٢٠٠٦، ص٩٤).

وڵاتان بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بپارێزن هەوڵیانداوەخۆیان لەچەند تەکەتولێك دا ببیننەوەلەوانە:- (محمد، ٢٠٠٦، ص٩٥-١٠٢).

### أ/ یەکێتی ئەوروپی :-

لەساڵی ١٩٣٦ لەپرۆژەی شۆمان کەگروپی (خەڵوز و ڕەق) یان پێکهێنا، تا گەیشتن بەرێکەوتنامەی ماستریخت ١٩٩٢ و دروست بوونی یەکێتی ئەوروپاو بەکارهێنانی یەك جۆری دراو (یۆرو).

### ب/ گروپی ئەمریکای باکور NAFTA

ئەم گروپەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەداو مەکسیکی گرتەوەو لەساڵی ١٩٩٢ ڕێککەوتنیان واژو کرد، ئەم تەکەتولە ڕێگای بەوڵاتانی ئەمریکای لاتینیش دا کەبێنەناو پەیماننامەکەوە.

### ج/ بلۆکی ئاسیایی:-

لەبەرامبەری یەکێتی ئەوروپی و ئەمریکی ئەم گروپەدروست بوو بەمەبەستی پاراستنی بوونی خۆیان، سەرەتا یابان دەستپێشخەری کرد لەسەر بنەمای Kaifo Doctrine، کەواتای ئەوەیە یابان نایەوێت زاڵ بێت بەسەر ئابوری ناوچەکەدا، بەڵکو دەیانەوێت کاربکەن بەیەکەوەبۆ بەرژەوەندی هەموویان، ئەم گروپە یابان، صین، کۆریای باشور، وە هەروەها ئارەزویان پیشان دا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ کۆریای باکورو ڤێتنام.

### د/ گروپی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:-

لەحەوت وڵات پێك دێن کەبریتین لەتایلاند، سەنگافورا، مالیزیا، برۆتای، ئەندۆنیسیا، فلپین، ڤێتنام، هەرچەندە توانای ئەم وڵاتانە سنوردارە لەبەرامبەر تەکەتولەکانی تردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان پلانێکی پێچەوانەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پیادە بکەن لەوڵاتەکانی خۆیاندا و لەئێستادا توانیویانە بگەنە ئاستی وڵاتانی پیشەسازییە گەورەکان.

**٢- ئامرازەکان :-**

بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دژ بەجیەانگیری وەکو هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر شێوازو هۆکاری جۆراو جۆری بەکارەێناوە بەمەبەستی دەربڕینی نارەزایەتیەکانی وگەیاندنی بەجیهان، لەرێگای ئەم ئامرازانەی خوارەوە:-

**أ/ کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکان:-**

یەکەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی کەکەسان ورێکخراوەکان رێکیان خست، کەبریتی بوو لە(کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی جیهانی) کەلەساڵی ٢٠٠١ لەشاری بورتو ئەلیگری بەرازیلی، لەوکاتەوەتا ئێستا (١٣) کۆنگرەی نێودەوڵەتی سازداوەو نوێنەرانی هەزارەها رێکخراو و دەوڵەت وکۆمەڵەو کەسان بەشدارییان تیادا کردووە. (ویکیبیدیا، المنتدی الاجتماعی العالمی، ٢٠١٧/١٢/٢٧)

| الدورة | السنة | المدينة | الدولة |
|---|---|---|---|
| I | 2001 | بورتو أليغري | البرازيل |
| II | 2002 | بورتو أليغري | البرازيل |
| III | 2003 | بورتو أليغري | البرازيل |
| IV | 2004 | مومباي | الهند |
| V | 2005 | بورتو أليغري | البرازيل |
| VI | 2006 | باماكو وكراكاس (يناير)<br>كراتشي (مارس) | مالي و فنزويلا<br>باكستان |
| VII | 2007 | نيروبي | كينيا |
| VIII | 2008 | لم يقم في مكان محدد | |
| IX | 2009 | بيليم | البرازيل |
| X | 2010 | لم يقم في مكان محدد | |
| XI | 2011 | داكار | السنغال |
| XII | 2012 | بورتو أليغري | البرازيل |
| XIII | 2013 | تونس العاصمة | تونس |
| XIV | 2015 | تونس العاصمة | تونس |
| XV | 2016 | مونتريال | كندا |

**خشتەی ژمارە(١) کۆنگرە نێودەوڵەتییەکانی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی جیەانی**

**ب/ رێپێوان و گردبوونەوەو نارەزایی:-**

نارەزاییەکان بەرامبەر دەرهاویشتەکانی جیهانگیری بووەهۆی ئەوەی لەزۆر شوێنی جیهان زەرەرمەندانی جیەانگیری کۆبکاتەوە، لەنموونەی ئەوگردبوونەوەو نارەزاییانە، "لەوکاتەی کە(رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی) لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ ویستیان لەشاری سیاتل (Seattle ) کۆببنەوە، بەڵام نارەزایی و رێپوانەکان لەدژیان پەری سەندو ئەوگردبوونەوانە بووە هۆی پەکخستن و دواخستنی کاری کۆنگرەکە". (Heather Gautney , 2010, p111)

**ج/ کاریکاتێر:-**

یەکێکی تر لەشێواز و هۆکارەکان کەبەکاردەهێنرێن لەدژی ئەو وڵات و رێکخراوانەی کەسەرچاوەی گەشەپێدانی جیهانگیرین بریتییە لەوێنەی کاریکاتێری وگاڵتەکردن و سوکایەتی کردن بەسەرکردەکان، وەك ئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی لوتکەی سەرانی وڵاتەپیشەسازیەگەورەکان (G20) رووی داکاتێك کاریکاتێریان بۆ سەرکردەی وڵاتەکان دروست کردبوو (ویکیبیدیا، قمەهامبورك، ٢٠١٧/١٢/٢٧)




**وێنەی (٢) وێنەی کاریکاتێری چەند سەرکردەیەکی وڵاتەپیشەسازیەگەورەکان**

### د/ نمایشی جۆراو جۆر:-

کەسانی نارازی شێوازی جۆراو جۆر بەکاردەهێنن بۆ گوزارشت کردن لەبیرو راکانیان دژ بەجیەانگیری و کەس و لایەن و کۆمپانیا فرەرەگەز و دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکان، لەنموونەی ئەو نمایشانە، هەزار کەس خۆیان قوراوی کرد وەکو ئەوەی بڵێن ئێوە ژیانتان ئاوا لێکردووین، هەروەها کۆمەڵێکی تر بەژمارەیەك بەلەمی زۆر نمایشێکی گەورەیان سازدا، هەروەها کۆمەڵێکی تر سەمایەکی شەوانەیان لەبەردەم شارەوانی دا ئەنجامدا، هەموو ئەمانەئاماژەبوون بەدەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەو کۆبوونەوانە کەبنەماکانی جیهانگیری گەشەپێ دەدەن. (ویکیبیدیا، قمة هامبورك، ٢٠١٧/١٢/٢٧)



**وێنەی (٣) نمایشی جۆراو جۆر دژ بەکۆبوونەوەی وڵاتانی G٢٠ لەشاری هامبۆرگ**

### هـ/ بەکارەێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی ئەنتەرنێت:-

ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی یەکێکی ترەلەو هۆکارانەی کەئەنجامدەرانی بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکان بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی پەیامەکەیان بگاتە هەموو جیەان و لەو ڕێگایەشەوە فشاری خۆیان زیاتر بکەن و لەئاسەواری جیەانگیری کەم بکەنەوە.
( Amandha Rohr Lopes, 2014, p19 )

### ٣- ئامانجی بزوتنەوەکانی دژ بەجیهانگیری :-

جوڵانەوەی جیهانگیری زۆر بەخێرایی گۆڕانکاری گەورەی هێناوەتەبوون و دەستکاری بنەما کۆمەڵایەتیەکانی زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهانی کردووە، کەبەدرێژایی مێژوو بەجۆرێك لەجێگیری ماوەتەوەو زۆر بەکەمی گۆڕانی تیا ڕووی داوەیان زۆر بەهێواشی گۆڕاوەو کاریگەری خراپی ئەوتۆی بەجێ نەهێشتووە، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا خێراو بنەڕەتین و گرفتی گەورەی دروست کردووە، لەبەر ئەوەئەو جوڵەیەی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

جیهانگیری ئەنجامی دەدات بەرنامە بۆ دارێژراوەو كۆمەڵێك ئامانجی ئاشكراو نەێنی هەیە، لەوانە زاڵ بوون بەسەر ئابووری جیهان و دەست خستنە ناو تایبەتمەندی و كلتوری گەلان بەشێوەیەك لەسوودو قازانجی بێ سنور بۆ كۆمپانیا فرەڕەگەز و وڵاتە پیشەسازییە گەورەكان تەواو ببێت.

لەبەرامبەردا بزوتنەوە كۆمەڵایەتیەكانی دژ بەجیهانگیری هەڵگری كۆمەڵێك ئامانجی پێچەوانەن بەئامانجەكانی دارێژەرانی پلانی جیهانگیری كەخۆیان دەبیننەوە لە:-

١/ سنوردانان بۆ هێرشی بێ سنوری جیهانگیری و هۆكارەكانی بۆ سەر لایەنەكانی ئابوری و سیاسی و كلتوری گەلان. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٣)

٢/ وەستانەوە بەرامبەر كۆمپانیا فرەڕەگەز و وڵاتە پیشەسازییە گەورەكان، بەتایبەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، كەبوونەتە هۆی لەناوبردنی پیشەسازی ناوخۆ. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٤)

٣/ ڕاگرتنی شەڕ و ململانییەكان لەزۆربەی ناوچەكانی جیهاندا و دەست وەرنەدانە ناوخۆی وڵاتان، كەهۆكاری سەرەكیان هەڵسوڕێنەرانی بیری جیهانگیرین و سەرەنجامیش بۆ سوودو قازانجی ئەوان تەواو دەبێت و بازاڕ بۆ ئەوان خۆش دەكەن، هەروەها ڕێگریەكانی بەردەمیان لادەبەن. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٣)

٤/ وەستانەوە بەرامبەر بە هەڵسوكەوتی دامەزراوە جیهانیەكانی وەك (ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی، ڕێكخراوی هاوكاری و پەرەپێدانی ئابوری، بانكی دراوی نێودەوڵەتی، كۆڕبەندی ئابوری جیهانی، .... هتد) كەبونەتە هۆكاری سەرەكی بۆ هەژاری و بێكاری و بێبەش بوون و قۆرخكاری. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٤)

٥/ ڕێگری لەسیاسەتی كردنەوەی تەواوی بازاڕەكان و ئازادكردنی ئاڵوگۆڕو تایبەت كردنی كەرتی گشتی ولابردنی هەموو سنور و مەرجەكان و لاوازكردنی ڕۆڵی دەوڵەت، بەمەبەستی پەخش كردنی كاڵاكانیان بە هەموو جیهاندا. (جیدنز، ت الصیاغ، ٢٠٠٥، ص١٣١)

٦/ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر دیاردەكانی هەژاری، بێكاری، بێبەش كردن، قۆرخكاری، ... هتد. (العبدالله، ٢٠٠١، ص١٠٠)

٧/ دابەش كردنی سەروەت و سەرچاوەكان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٦)

٨/ ڕاوەستانەوە بەرامبەر بنەمای (تەنها لەپێناوی قازانجی زیاتر) بە هەر شێواز و ڕێگایەك بێت. (ماجدە، ٢٠١٠، ص٢١٦)

٩/ پاراستنی كلتور و زمان و ئاین و تایبەتمەندی نەتەوەكان.

١٠/ ڕێگری كردن لەكلتوری بەكاربردن كەوڵاتانی پیشەسازی دەیسەپێنن بەسەر وڵاتانی جیهاندا.

## باسی چوارەم / دەرئەنجام وراسپاردەكان :-

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری جیهانگیری نوێ بەشێوەیەكی ڕێژەیی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی كۆنگرەی یەكەمی (كۆڕبەندی ئابوری جیهانی) ساڵی (١٩٧١) لە (دافۆس)، كە بە دارێژەری بیرو سیاسەتی جیهانگیری دادەنرێت، لەبەرامبەردا ڕێگری كردن لەئەنجامدانی (كۆنگرەی بازرگانی جیهانی) ساڵی (١٩٩٩) لەشاری (سیاتل) و پاشان دروست بوونی (كۆڕبەندی كۆمەڵایەتی جیهانی) ساڵی (٢٠٠١) بەسەرەتایەكی دیاری بزوتنەوەی دژە جیهانگیری هەژمار دەكرێت.

ئەوەی جێی ئاماژەپێكردنە تا ئێستا سەرەڕای ئەنجامدانی دەیەها كۆنگرەی نێودەوڵەتی و سەدەها ڕێپێوان و ناڕەزایی گەورە لەسەر ئاستی ڕێكخراو و دامەزراوەو وڵاتانی جیهان، بەڵام تا ئێستا كاریگەری بزوتنەوە كە سنوردارەو نەبووەتە كۆسپ یان ڕێگری ڕاستەقینە لەبەردەم چالاكیەكانی جیهانگیری.

## دەرئەنجام بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:-

١/ تێگەیشتن لەسروشتی کاری بزوتنەوەکۆمەڵایەتیەکانی دژ بەجیهانگیری، بزوتنەوەی دژەجیهانگیری ئامانجی سەرەکی سنوردارکردنی ئەو قۆرخکارییە ئابوری و کلتوری یەکە لەلایەن وڵاتانی پیشەسازی گەورەو کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکانەوە بەسەر جیەاندا سەپێنراوە.

٢/ شارەزابوون لە هەنگاوەکانی گەشەسەندنی جیهانگیری و بزوتنەوەی دژەجیهانگیری، جیهانگیری لەڕێی سیاسەتی بەخۆشی بێت یان بەزۆرەملێ، یاسا و سیاسەتی بانکە نێودەوڵەتی و بازرگانی جیهانی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت و بەناچاری میللەتان و تاکەکانی کردووە بەکرێچی بەردەوامی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی خۆی.

٣/ زانینی ڕۆڵ و داهاتوی دەوڵەت لەژێر سایەی سیستمی جیهانگیریدا، ڕۆڵ و داهاتووی دەوڵەت لەژێر سایەو سێبەری جیهانگیری بەرەو لاوازی دەچێت و تەنها وەکو ڕێکخەرێك دەمێنێتەوە، بەڵام بزوتنەوە دژەکان هەوڵی گێڕانەوەی ڕۆڵی دەوڵەت و ئیرادەی میللەتان دەدەن.

٤/ ڕوون کردنەوەی ئامانجی بزوتنەوەی دژەجیهانگیری و ئەو ئامرازانەی کەدەیانەوێت ئامانجەکانیانی پێ بەێننەدی، سروشتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و ئامرازی کارکردنیان بریتییە لە کۆبوونەو ناڕەزایی و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتی و میدیا ناوخۆیی و جیهانیەکانە، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیەکانیان، لەو ڕێگەیەوە هەوڵ دەدەن پاڵپشتی دەوڵەتان و میللەتان بۆ خۆیان بەدەست بێنن.

ڕاسپاردەکان :-

دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کلتورییەکانی جیهانگیری هەمووانی بەبێ جیاوازی گرتۆتەوەو خۆی خزاندۆتە هەموو ماڵ و دامەزراوەو کۆمەڵێکەوە، لەبەر ئەم هۆکارە توێژینەوەی زیاتر لەم بابەتە لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە شارەزایی زیاترمان پێ دەدات سەبارەت بەژیان و داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کەلەئێستادا بەگۆڕانکارییەکی خێرادا گوزەر دەکات، لەو پێناوەدا و دوای تەواو بوونی ئەم توێژینەوەیە ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە دەخەینە بەر دەستی توێژەران بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاتری بۆ بکرێت:-

١/ لێکۆڵینەوەلەسەر بزوتنەوەی دژەجیهانگیری لەکۆمەڵگای کوردیدا، لەڕووی شێواز و ئامانج و دیاری کردنی ئەو لایەنان و گروپانەی هەڵگری ئەو جۆرە بیرو بۆچوونانەن.

٢/ توێژینەوە لەسەر ئەو سیستمی کۆمەڵایەتیەی کەدێتەکایەوە لەئەنجامی گەشەسەندنی  بیری جیهانگیری و پاشان پێشبینی کردنی ئەو کێشەو گرفتانەی لەئەنجامی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەوە دێتە کایەوە.

٣/ ڕۆڵی ئاین و نەتەوەلەدژایەتی کردنی سیستمی جیهانگیریدا.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:-

١/ جيدنز ت الصياغ، أنتوني جيدنز، كارين بيردسال، علم الاجتماع، ترجمة: فايز، مركز دراسات الوحده العربية، بيروت، ٢٠٠٥.

٢/ تلى ت وەبە، تشارلز، الحركات الاجتماعية (١٧٦٨- ٢٠٠٤)، ترجمه: ربيع، المجلس الأعلى للثقافة المشروع القومي للترجمة، القاەرة، ٢٠٠٥.

٣/ مارشال ت الجوهرى، جوردون، سكوت، جون، موسوعة علم الاجتماع - مجلد ٢، ترجمة: محمد، المجلس الأعلى للثقافة المشروع القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.

٤/ ماجده، حجار، العولمة والعنف، أطروحة دكتوراه، جامعة منتورى – الجزائر، ٢٠١٠.

٥/ عبدربة، أمل عادل ، على عبدالرزاق جلبى، الحركات الاجتماعية الجديدة وحقوق الإنسان، بحث مقدم فى المؤتمر التأسيسى ل (المجلس العربى للعلوم الاجتماعية)، بيروت، ٢٠١٣.

٦/ سميث و بو دبوس، إدوارد كولد، جيرى مانديز وآخرون، محاكمة العولمة، ترجمةو تقديم: رجب، المركز العالمي لدراسات وأبحاث

الكتاب الاخضر، ليبيا، طرابلس، بدون سنة الطبع.

٧/ رضا عبدالسلام، إنهيار العولمة، كتب عربيه، الرياض، بدون سنة الطبع.

٨/ محمد، حشماوى، الاتجاهات الجديدة للتجارة الدولية، أطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، الجزائر، ٢٠٠٦.

٩/ العبدالله، مى، نظريات الاتصال، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠١٠.

**دووەم / سەرچاوەئینگلیزییەکان:**

1-Jagdish Bhagwati, Anti-globalization: why? Department of Economics, Columbia University, New York, NY 10027, USA Available online 25 May 2004.

2-Heather Gautney, Protest and Organization in the Alternative Globalization Era, USA, New York,2010.

3-Amandha Rohr Lopes, The Impact of Social Media on Social Movements, Creighton University, USA, NE, Omaha, 2014.

**سێیەم: ئینتەرنێت:**

١- غانم، ابراهيم البيومى، مقالة بعنوان (الحركات الاجتماعية.. تحولات البنية وانفتاح المجال)، ٢٠٠٤. http://www.islamonline.net/arabic/mafaheem/2004/05/article01.shtml

٢-ويكيبيديا، المنتدى الاجتماعى العالمى، ٢٠١٧/١٢/٢٧
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D3-_8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D8%AA%D8%AF%D9%89_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%8A

٤-موقع BBC عربى، http://www.bbc.com/arabic/world-40519902 27/12/2017